چـالاكـی وەزارەت

# پانۆرامای چالاكییەكانی وەزارەتی مافی مرۆڤ
# لە
# ٢٠٠٦/٥/٧ تا ٢٠٠٦/١٢/١٠



دوای راگەیاندنی كابینەی پێنجەمی حكومەتی نوێی هەرێمی كوردستان و كۆبوونەوەی یەكەمی ئەنجومەنی وەزیران كە تیایدا بڕیاری یەكگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر درا و ئێمە وەك وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئەنجامی تێكەلكردنەوەی هەر دوو وەزارەتەكە بە پێی بەرنامەیەكی داڕێژراو و مەرجە بنەڕەتییەكان دەست كرا بەم چالاكییانەی خوارەوە:

١- بەر لە هەموو شتێك دەستمان كرد بە كار كردن بۆ یەكگرتنەوەی هەر دوو وەزارەتەكانی مافی مرۆڤ لە ئیدارەی سلێمانی و هەولێر ئەویش یەكەمینجار لەگەڵ بەرێوەبەرە گشتییەكانی ئیدارەی هەولێر كراو دواتر لەگەڵ جێگری وەزیر و ئینجا بەرێوەبەرە گشتییەكانی ئیدارەی سلێمانی و لە دوای گۆڕینەوەی بیر و ڕاو هاتنە پێشەوەی پێشنیارەكان كۆبوونەوەیەكی فراوان لەگەڵ هەر دوو ئیدارەكە بە ئامادە بوونی وەزیری نوێی مافی مرۆڤ بەسترا. لە ئەنجامی ئەم كۆبوونەوەیەدا دەستكرا بە هەوڵدان بە شێوەیەكی گونجاو و سوود وەرگرتن لە كار و پسپۆرایەتی هەردوو ئیدارەكە بۆ كار و باری داهاتوو و هەر وەها دەستكرا بەكار كردن بۆ دانانی یاساییەكی نوێی بۆ وەزارەتە تازەكە ، بەڵام بڕیاردرا تا پەسندكردنی یاساكە بڕیاردرا لەسەر یاسا كۆنەكەی ئیدارەی هەولێر كارەكانمان بەرێوە ببەین. دوای گەڵاڵە كردنی ئەم پرۆژە یاسایە ڕەوانەی سەروكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان كرد و لە ئەنجامی گفتو گۆ بیر و ڕا گۆرینەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران رێككەوتنی و گەیشتینە سیغەیەكی كۆتایی بۆ دانانی یاسایەك بۆ وەزارەتی نوێ و پێشكەش كردنی بۆ سەروكایەتی پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆ و پەسندكردنی... ئەم كارەش نزیكەی ٣ مانگی خایاند و وەك وەزارەتیش ئەوەی لەسەر شانی ئێمە بوو ئەنجامماندا، بەڵام تاكو ئێستا پرۆژە یاساكە لە ئەنجومەنی وەزیران و پێشكەشی سەروكایەتی پەرلەمان نەكراوە سەرەرای ئەوەی كە بەر لە ٣ مانگ ئاگاداریان كردینەوە كە پێشكەشی پەرلەمان دەكرێت بۆ گفتۆگوكردن لەسەریا.



٢- بۆ زیاتر بەرەوپێشەوە بردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و بەشداریکردنی پسپۆرانی بواری مافی مرۆڤ ، لەسەر پێشنیار و بە سەرپەرەشتی وەزارەتی مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی فراوان رێکخرا بە بەشداری هەردوو رێکخراوی UN و NICEF و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەك ( ناوخۆ، داد ، کاروباری کۆمەڵایەتی) و نۆینەرانی زیاتر لە (٧٠ ) رێکخراوی ناحکوومی تایبەتمەند بە مافەکانی مرۆڤ.

لەو کۆبوونەوە گشتیەدا بە فراوانی باس لە رەوشی مافی مرۆڤ کرا و گفتوگۆیەکی پوختە و تێر و تەسەل لەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە سەر رێگای ئەو رەوشە و چۆنیەتی چاککردنی رەوشی مافی مرۆڤ کرا، هەروەها ئاماژەش بەوە درا کە وەزارەتی مافی مرۆڤ دەوری خۆی تیایدا ببینێت، ئەوە بوو پێشنیار کرا کە ( بوردێکی راوێژکاری ) لە وەزارەت بە بەشداریکردنی UN و NICEF و رێکخراوەکانی تایبەتمەند بە مافی مرۆڤ دا بمەزرێت.

٣- رۆژی ٦/١ کە دەکاتە رۆژی جیهانی منداڵان و وەك ئەرکێکی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە پێشوازیکردنی ئەو رۆژە و یادکردنەوەیدا لە هەموو بەرێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی سەر بە وەزارەت لە خانەقینەوە تا زاخۆ لە یەك رۆژ و لە یەك ئان و ساتدا ئەم یادیە کرایەوە و چالاکی جۆراوجۆر پێشکەش کرا و سیمایەکی نوێی دڵخۆشکەرانەی بە منداڵانی کوردستان بەخشی بەتایبەت لە رووی یەکگرتنەوەی حکومەتی کوردستانەوە

**٤- دانانی بۆردی راوێژکار:**

لەسەر پێشنیاری کۆبونەوە گشتیەکە و لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و جدییانە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە بۆ دانانی ئەم بوردە و پەسندکردنی لەلایەن وەزارەتەوە کۆبونەوەیەك ئەنجامدرا و رێککەوتین کە بۆردێکی راوێژکاری لە وەزارەت دابنرێت و نوێنەرانی UN و UNISEF و رێکخراوە ناحکومیەکانی تایبەتمەند بەشداربن تێیدا بۆ پێکانی ئەم مەبەستانە:-

أ. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ UN و UNICEF و هەموو دونیا .

ب. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ NGO –یەکان

ج. گفتوگۆکردن لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان

د. دابینکردنی زانیاریەکانی لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ بۆ وەزارەت .

ه. پێدانی زانیاری لە حکومەت و وەزارەتی مافی مرۆڤەوە بۆ بۆردەکە و بۆ ناو جەماوەر.




و. ئاگاداربوون و هاوکاریکردنی هەموو لایەك لە چالاکیەکان

ز. هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ یەکتر سەبارەت بە چۆنیەتی رەوشی مافی مرۆڤ.

بۆردی راوێژکاری ئەنجامێکی باشی لێکەوتۆتەوە و پسپۆرانی بواری مافی مرۆڤ بە هەنگاوێکی پیرۆزی دەزانن و بەشێوەیەکی ئیجابیانە هەڵیانسەنگاندووە و دەستخۆشیان لە وەزارەت کردووە و لەلای خۆشمانەوە بە کارێکی گرنگی دەزانین.

٥- لەسەر داوەتنامەی وەزارەتی دەرەوەی کەندا خودی وەزیری مافی مرۆڤ و ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و وەزیری ژینگە لە حکومەتی عێراق بەشدارییان لە پرۆژەیەك کرد بۆ:-

أ. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە سەبارەت بە مافی مرۆڤ

ب. سەردانی پەرلەمان و NGO –کان لە ئەوروپا و ئەمریکا بۆ زیاتر ئاشنابوون لەسەر سیستەمی مافی مرۆڤ.

ت. هاوکاری و پشتگیریکردن لە دیموکراسیەت لە عێراق و کوردستاندا

پ. بەکارهێنانی تاقیکردنەوە و پسپۆریی وڵاتانی دونیا لە بەکارهێنانی قسەکردن بە دوو زمانی رەسمی لە یەك دەوڵەتدا کە لە عێراق پەیرەو دەکرێت ئەمیش زمانی عەرەبی و کوردی یە.

هەروەها ئەم وەفدە سەردانی وڵاتانی (کەنەدا و سوید و فنلەندا و پۆڵۆنیا) یان کرد بۆ ئەم مەبەستانەی کە لەسەرەوە باسمان لێوە کرد تاکو لە هەر یەك لەم وڵاتانەدا زیاتر

سودمەندبین و ئاشنا بین لەسەر یاسای مافی مرۆڤ و پەرلەمان و دیموکراسیەت و بەکارهێنانی قسەکردن بە دوو زمانی رەسمی کە لە فنلەندا و سوید و کەنەدا هەیە.

٦- نووسین و رێکخستنی چەند توێژینەوەیەك لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە لادێکان و شار و شارۆچکەکان و هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توند وتیژی دژی ژنان و کارکردنی منداڵان لەسەر شەقام.

٧- دروستکردنی چوار پۆستەر لەسەر دادگاییکردنی سەدام و تاوانەکانی کە دژ بە میللەتەکەمان ئەنجامیداوە بە تایبەت لەشاڵاوی ئەنفال –دا، هەروەها دروستکردنی پۆستەر لەسەر کارکردنی منداڵانی سەرشەقام و هەروەها دروستکردنی پۆستەر لەسەر یەکسانی مرۆڤ.

٨- بەرهەمهێنانی فلیمێکی دیکۆمێنتی سەبارەت بە کارکردنی منداڵان لەسەر شەقامەکاندا.

٩- بەشداریکردنی خودی وەزیری مافی مرۆڤ لە( ٢٩) یەمین دانیشتنی دادگاییکردنی سەدام حسین لەسەر تاوانی شاڵاوی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وەك شایەدحاڵێك کە ئەو ساکە لە خەباتی شاخدا وەك پێشمەرگە و پزیشك بە کردار بەشداری لە چارەسەری بریندارەکان کردبوو ئەم حەقیقەتانەی لە بەردەم دادگادا روونکردەوە.

١٠- هەڵسانی وەزارەت بە یادکردنەوەی ساڵیادی رۆژی راگەیاندنی مافەکانی منداڵ لە هەموو کوردستان کە دەکاتە رۆژی ١١/٢٠ ی هەموو ساڵێك

١١- دەرکردنی بەیاننامەیەکی نارازیبون سەبارەت بە دووبارە کارپێکردنەوەی سزای لەسێدارەدان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو گفتوگۆکردن لەگەڵ پەرلەمان لەمەڕ ئەوەی کە کاری لەسێدارەدان لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگونجێت و دەبێت هەوڵ بدرێت لە دوارۆژدا ئەم سزایە لە کوردستان نەمێنێت.

١٢- یادکردنەوەی رۆژی نەهێشتنی توندو تیژی دژی ژنان لە ١١/٢٥ دا ، بۆ ئەم یادەش سیمینارێکی فراوان لە پارێزگای سلێمانی بە بەشداری وەزارەتە پەیوەندارەکان و پسپۆران و شارەزاییان لەم بوارەدا سازدرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و ئافرەتان بەشدارییان تێداکرد و گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر ئەم کێشە گرنگە کرا، هەر لەم سیمینارەدا شانۆگەرییەك پێشکەش کرا کە گوزارشتی لە مەینەتی و سەختی ئەم کێشەیە دەکرد و لە هەمووشی گرنگتر لەم سیمینارەدا گوێگرتن بوو لە قسەی چەند ژنێك کە حالەتە زیندووەکانی پێشێلکارییەکانیان گێرایەوە کە دژی ژنان کرایەوە.

١٣- یادکردنەوەی رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ لە رێکەوتی ١٢/١٠ ئەمەشیان چالاکی جۆراوجۆری لە کوردستان بۆ ئەنجامدرا و لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستانیش لە کاتژمێری ٨ی بەیانی ئەم یادە کرایەوە و بەیاننامەی وەزارەتی تیا خوێندرایەوە و باسێکی کورتیش لەسەر رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ پێشکەش کرا .

١٤- دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە وەزارەت بەناوی ( مرۆڤ ) کە هەردوو مانگ جارێك دەردەچێت.

١٥- چاپکردنی کتێبی (یاسای دادگای تاوانکاری باڵای عیراق)

١٦- چاپکردنی بەندەکانی (جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ)

١٧- چاپکردنی کتێبی (نصوص مجموعە من الاعلانات و الاتفاقیات حول حقوق الانسان)

١٨- دەرکردنی راپۆرتی مانگانە سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ و دابەشکردنی لەسەر ناوەندە حکومیەکان و NGO و UN وکەناڵەکانی راگەیاندن.

١٩- دروستکردنی سەندوقی سکاڵا و بڵاوکردنەوەی لە هەموو کوردستان بۆ وەرگرتنی سکاڵای هاوڵاتیان.

٢٠- سەردانی بەندیخانەکان لە کوردستاندا لە هەر شوێنێك کە بەندیخانەی تێدا بێت بەشی بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بە وەزارەت مانگێ جارێك سەردانیان دەکەن بۆ زانینی رەوشی مافی مرۆڤ و ژمارەیان و ئاگاداری رای گشتی لەسەر بارودۆخی بەندیخانەکان.

٢١- لەسەر پێشنیاری وەزارەتی مافی مرۆڤ کۆبونەوەیەك ئەنجامدرا لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی ئەو کەم و کورتیانەی لە بەندیخانەکاندا هەیە و بینراوە و سەردانی خودی وەزیری مافی مرۆڤ و بەشی بەندیخانەکان لەناو وەزارەت بۆ هەموو بەندیخانەکان هەروەها لەم کۆبونەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە کاربکرێت بۆ پەلەکردن لەداواکانی ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی زۆر و بەبێ یاسای لەناو بەندیخانەکانی ئاسایشەوە ماونەتەوە و جەخت کرایەوە لەسەر دەوامکردنی داواکاری گشتی لە بەندیخانەکان و دروستکردنی بەندیخانەی ستاندارد و چارەکردنی ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانە لەبەر دواکەتنی جێبەجێکردنی موعامەلەتەکانیان دەمێننەوە.

٢٢- بەشداریکردنی خودی وەزیری مافی مرۆڤ و وەزیری پەروەردە لە وۆرکشۆپێك کە لە وڵاتی ئوردون بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکەی حکومەتی کەنەدی و هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی وەزارەتی پەروەردە لەمەڕ ئەوەی مافی مرۆڤ ببێتە یەکێك لە وانەکان و لە قوتابخانەکانی کوردستان بخوێندرێت

٢٣- کردنەوەی چەندین دەورە و ویرکشۆپ لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکان سەبارەت بە ئاشنابوون و پەرەپێدانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا.

٢٤- دانانی وێب سایتێکی نوێ بۆ وەزارەت.

٢٥- پەیوەندی ئەلکترۆنی لە رێگای ئەنتەرنێتەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی مافی مرۆڤ.